ژمارە ( 104 ، 113 ) لە کەرتی 28/ زرگوێزەڵە) بە پێ ی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**کریم سنجاری**
**وەزیــری ناوخـۆ**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

بە پیی ماددەی (17) برگەی دووەم لە یاسایی وەزارەتــی دارایــی و ئــابووری ژمــارە (5)ی ســاڵی (2010) وە بە پێ ی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بڕیارماندا بە :-

- کردنەوەی بانکی کوردسات سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی بانکە بازرگانییەکان لە شاری سلێمانی .

**بایز سعید محمد**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

---

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی حەوتەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ژمارە (12)ی ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

- هێنانەکایەی ( استحداث ) ی سەنتەری پاراستنی منالآنی خانەقین سەر بە بەرێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی خانەقین لەبەر بەرژەوەندی گشتی و خزمەتکردنی منداڵانی شارۆچکەی خانەقین وە کۆتایی هێنان بە بینای سەنتەری ناوبراو .
- لە رۆژی دەرچونی ئەم بەیانە رێکەوتی 2014/1/30.

**د.رێکەوت حمه رشید**
**وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار**

**بەیانی ساڵی 2014**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی دەیەم لە بڕگە (2) لە یاسای بەرێوەبردنی شارەوانیەکان ژمــارە (6)ی ســاڵی1993ی هــەموارکراو وە لەبــەر بەرژەوەنــدی گشــتی وە گەیشــتنی ژمــارەی

دانیشتوانی ناحیەی قەسرۆك لە سنووری پارێزگای دهۆك بۆ (15816) پانزە هەزارهەشت سەدو شازدە کەس ، بریارماندا بە : -

1- گۆرینی پلەی شارەوانی قەسرۆك لە پلە (3) بۆ پلە (2) .

2- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیدا جێ بە جێ دەکریت .

**ئەندازیار/دلشاد شهاب حاجی**
**وەزیری شارەوانی گشت و گوزار**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی** 2014

بە پیً ی ئەو دەسەلاتەی پیًمان دراوە لە ماددەی (3) ی یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (1) ی ساڵی (2007) بریارمان دا بە هەموارکردنەوەی برگەی (3) گواستنەوەی پەینی کیمیاوی لە رێنمای ژمارە (12) ی ساڵی (2013) بەم شێوەیە دەبێت :-

(1.3) وە دەست هێنانی رەزامەندی پێش وەخت لە ب.گ کشتوکاڵی پارێزگای پەیوەندار /ب خزمەتگوزاری کشتوکاڵی وەردەگیرێت لە رێگەی داواکاریەك کە تیای دا ئاماژەدەدرێت بە :

**پرۆفیسۆر / سیروان بابان**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم/ برگەی دووەم) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (15) ساڵی 2007 ، بریارماندا بە :-

**بەیانی ژمارە ( 1 )ی ساڵی** 2014

- کردنەوەی ( هۆبەی کۆنترۆڵ کردنی شێرپەنجە) لە بەشی کاروباری هونەری سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- لە رۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە رێکەوتی2014/1/19 .

**بەیانی ژمارە ( 2 )ی ساڵی** 2014

- گۆرینی ( سەنتەری نەخۆشیەکانی دڵ ) بۆ ( نەخۆشخانەی دڵ ) سەر بە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .